# (( بۆچی خویندنەوەی کتیبەکانی مارکس بایەخی هەیە ؟ ))

نووسینی : موورتەزا مووحیت

وەرگێر : رزگار محمەد پوور

بە بۆنەی تیپەر بوونی سەدوپەنجاە سال بە سەر دەرچوونی مانیفێستی کۆمۆنیست .

ئە مسال سەدو پەنجاە سال بە سەر دەر کردنی مانیفێستی کۆمۆنیست تێپەر دەبێت . بەم بۆنەیەوە لە شوێنە جۆراوجۆرەکانی دونیا لەوانە ئەوروپا و ئامریکا چەند بۆنەیەك بەرێوە چوو . بابەتەکان نوسران و ڕادەربڕینەکان زۆر بوون .

کۆنفرانسی توێژینەرەکانی سۆسیالیست کە هەموو سالێك کۆتایی مانگی مارس یان سەرەتای ئاوریل لە نیۆیۆرك بەرێوە دەچێت ، یەکەمین دانیشتنی گشتی خۆی لە رۆژی 21ی مارس دا بۆ ئەم بابەتە تەرخان کرد . لەم کۆبوونەوە گەورە و بەشکۆیە سۆسیالیستە بە ناو بانگەکانی وەك پال سوئیزی ، هری مگداف ، سەمیر ئەمین ، ئەعجاز ئەحمەد ، دانیال سینگر و ئالێن میکسێنز وود قسەیان کرد و لەگەل پێشوازی گەرم وگووری بەشداربووان بەرەو روو بوون . دەقی قسەکانی ئەوان دواتر لە ژمارەی مانگی مەی و ژووئەنی گۆڤاری مانتلی ریو ریو چاپ کرا . هەروەها لە ئەوروپا کۆنفرانسێکی گەورە بەرێوە چوو کە بریار وایە دەقی سوخەنرانییە کان و قسەو باسەکان سەبارەت بەم بابەتە لە چەندین بەرگ دا چاپ بکرێت .دەقی ئینگلیزی مانیفێست بۆ چندین جار لانیکەم لە لایەن دوو ئینتشاراتی (ورسو وە مانتلی ریوریو) هەر بەم بۆنەوە دەرچوو.

چاپی ورسو پێشەکیەکی هەمەلایەنی لە مێژوونووسی ناوداری ئینگلیسی ، ئەریك هابسباوم داناوە هەروەها چاپی ریوریو پێشەکیەکانی لە نوسینەکانی ئەم کەسانە پێك هاتووە ( سوئیزی ، مگداف و ئالن میکسینز وود ) .

لە تەواوی ئەم قسەو باسانە دا پرسیارێکی ئەساسی دێتە بەرچاو کە ئەویش ئەوەیە کە : ئایا مانیفێست دوای تێپەر بوونی 150 سال بە سەر دەرچوونی هێشتا ئیعتباری ماوە ؟

من لەم نووسراوە کورتەدا نامهە وێت وەلام بەم پرسیارە سەرەکیە لە زمان سۆسیالیستە بەشدار بووەکان لە کۆنفرانسی ناوبراو دا ویان لاینگرانی بۆچوونی مارکس بدەمەوە چوونکە چوونە ناو ئەو باسە سەری قسە درێژ دەکاتەوە . بە گشتی ئەوەی لێرەدا باسی دەکەم بۆچوونی یەکێك لە ئیستراتیژیستەکانی پلە بەرزی وال ئستریتە سەبارەت بە هێندێك لە نوسراوەکانی مارکس و لەوانە مانیفێست .

جان کسیدی ( John Cassidy ) دەرچووی زانکۆی ئاکسفۆردە لە کولێجی ئابووری .

ئەو چەندین سال بەرپرسی دانانی ئیستراتژیەکانی سەرمایە گووزاری یەکێك لە دامەزراوە گەورەکانی وال ئستریت بووە لە نیۆیۆرك . هاوینی رابردوو ، کاتێك کە سەرقالی چێژ وەرگرتن لە

پشووی کۆتایی حەوتوو بوو لە ویلا خۆش ورازاوەکەی دۆستێکی خۆی لە ناوچەی دەولەمەند نشینی ( لانگ ئابلند ) لە دەوروبەری نیۆیۆرك تووشی مەسەلەیەك دەبێت کە دەبێتە هۆی سەرسامی ئەو .

ئەو دۆستە کە خەلکی ئینگلیس و هاو کۆلێجی زانکۆی ئاکسفۆردی جان کسیدییە لە کەسە ناسراوەکانی بازارەکانی مالّی لەندەن بووە وئێستا بە پلەوپاییەکی بەرزتر ، لە وال ئستریت سەرقالی کارکردنە . ئەو هاوکات لە گەل مەلە کردن لە حەوزی مالەکەیدا بە زمانێکی سادە بە جان کسیدی دەلیّ :" هەرچی زۆرتر لە وال ئستریت دەمێنمەوە زۆرتر قەناعەت بە قسەکانی کارل مارکس دەکەم کە مارکس راستی دەوت "

جان کسیدی دەنووسیّ :" سەرەتا پێم وابوو رەفیقەکەم گالتەم لە گەلدا دەکا " بەلام رەفیقەکەی جان کسیدی بە شێوەیەکی جیدی درێژە بە قسەکانی دەدا :" جایزەیەکی نۆبێل چاوەروانی کەسێکە کە بۆچوونەکانی مارکس دووبارە زیندوو بکاتەوە و هەموویان وەك مۆدێلێك بە شوێن یەکەوە دەربێنیّ "

ئەو رەفیقەی جان کسیدی دواتر بە روالەتێکی جیدی تر درێژە بە قسەکانی دەدا :"من بە دلنیایەکی تەواو بەو قەناعەتە گەیشتووم کە شێوازی بەرخووردی مارکس بە سەرمایەداری راست ترین و دروست ترین شێوازێکە کە هەیە "

جان کسیدی ئاوا درێژە بە قسەکانی دەدا : " لە راستی دا من لە قسەکانی رەفیقەکەم سەرم سوورٍ مابوو ، چوونکە لە سالەکانی دەیەی 1980 بە یەکەوە لە زانکۆی ئاکسفۆرد دەرسمان خوێندبوو وە لەو کاتە دا بیری زال بە سەر زانکۆ دا بە توندی لە ژێر رکێفی نووسراوەکانی جان مینارد کینز بوو کە بۆچوونەکانی مارکسی بە کۆمەلێك "فێل وتەلّەکەی ئالۆز " وە کۆمۆنیزمی بە " بیّ حوورمەتی بە هەستی ئینسان " دەزانی ."

لە گەل هەمووی ئەوانە نووسەر واتە جان کسیدی بەو ئەنجامە دەگات کە ئەگەر کەسێك بە زانیاریەکانی رەفیقە دێرینەکەی و ئەو تەجروبە بەربلاوەی کە لە وال ئەستریت هەیەتی و لە هەمان کاتدا ئاشناییەکی قوول لە ئابووری گلۆبال ، شت گەلێکی بە ئەرزشی لە نووسینەکانی مارکس دا دۆزیبێتەوە ئەم نووسراوانە دەبیّ ئەرزشی خوێندنەوەیان هەبێت ؟ هەر بۆیە لە کتێب فرۆشیە کانی دەستی دووی نیۆیۆرك دا بە شوێن کتێبەکانی مارکس دا دەگەرێت وە لە وانە " کاپیتال " "مانیفێست " " ئیدئۆلۆژی ئالمانی " " هەژدەهەمین برومر لوئی بنا پارت " نووسراوە سەرەتاییەکانی مارکس و " تیئۆرییەکانی زێدەبایی" دەدۆزێتەوە ودەست بە خوێندنەوەیان دەکات.

جان کسیدی ئەنجامی ئەم خوێندنەوانە دەکاتە بابەتێك کە گۆڤاری بە ناوبانگی نیۆیۆرکێر ئەوبابەتە لەژێر سەردێری " بیرمەندی داهاتوو : گەرانەوەی ، کارل مارکس " لە ژوومارەی 20 تا 27ی مانگی ئۆکتۆبر بلاو دەکاتەوە .من بەشێکی فراوان لەو بابەتەی جان کسیدی تان پێشکەش دەکەم وەك وەلامێك بۆ ئەو پرسیارەی کە لە سەرەتای ئەم نووسراوە دا هێنامەگۆریّ .لەم بابەتە دا

دەیخوێنینەوە : " مارکس توێژێنەری نیزامی سەرمایەداری بوو وە دەبێ لەم ڕوانگەو بەم تێگیشتنەوە سەبارەت بەو قەزاوەت بکەین . زۆر یەك لەو دژایەتیانەی مارکس لە نیزامی سەرمایەداری لە چەشنی ویکتوریایی بەر چاوی کەوت و دەولەتە ریفۆرم خوازەکانی دوایی توانیان ئەم دژایەتیانە جێگۆڕکێ پێ بکەن یان سارێژ یان بکەن دووبارە هەروەك ویرووس گەلێکی شێوە گۆراو سەریان هەلدایەوە . مارکس لە هەندێ شوێن کە خوێنەر ماندوو ناکات ، چەند رەستەیەك سەبارەت بە جیهانی بوونی سەرمایە ، نایەکسانی ، فەسادی سیاسی ، داگیرکاری ، پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیا ، دارمانی فەرهەنگی کۆمەلگای ئینسانی و ژیانی لە تاقەت بە دەری سەردەمی مۆدێرنیتە دەنووسێ کە ئینسان دووچاری شۆك دەکا : شت گەلێك کە ئابووری زانان ئەمڕۆ تازە بە تازە بیری لێدەکەنەوە بەبێ ئەوەی بزانن هێشتا لە شوێن جێ پێکانی مارکس دا بە رێگا دا دەرۆن
the next thinker . the return of karl marx , the newyorker . 20- 27 , 1997 p 248

دواتر نووسەر ئاوا درێژەی پێ دەدا :" مارکس وەك زۆرێك لە بیرمەندانی تر ، لە تەمەنی 20 هەتا 30 سالی دا دەستی بە بیروکەکانی خۆی ڕاگەیشت و درێژایی تەمەنی بۆ کامڵ کردن و پەرە پێدانی ئەم بیروکانە تەرخان کرد ." هەمان سەرچاوە لاپەرەی 250

سەیر لەوە دایە کە ئەم نووسەرە بۆرژوایە بە واقیع بینی وبە راستی مارکس بە دووبەشی " مارکسی جەوان "و " مارکسی بەسالاچوو " دابەش ناکات بەلکو ئەم راستییە دەزانێ کە لێکۆلینەوەکانی مارکس لە سالەکانی ناوەراستی دەیەی 1840 بە دواوە بۆ کامڵ کردن و پەرەپێدانی رۆانگەکانی سەرەکی سەردەمی لاویەتی ئەو بووە . لە درێژە دا دەخوێنینەوە :

روانگەی ئەساسی مارکس کە لە" ئیدئۆلۆژی ئالمانی " دا هاتووە ، ئەمڕۆکە دووبارە لە لایەن جیمز کارویل ( J –carvill ) ( بەرێوە بەری شەرە هەلبژاردنەکەی کلینتۆن لە سالی 1994 دا کە بە هۆی سەرکەوتنی لە کارەکەیدا ناوبانگی دەر کرد ) باس کراوەتەوە و ئەویش ئەوەیە کە :" ئەی نەفام مەوزووعی سەرەکی ئابوورییە !" .

شێوازێك کە مارکس هەمان تیئوری تێدا باس دەکات و" تێگەیشتنی ماتریالیستی مێژوو " یان بە "ماتریالیسمی مێژوویی " دەناسرێت ، ئێستاکە بە رادەیەك بۆتە جێگای پەسەندی خەلك کە لێکۆلەرانی وەك کارویل ئەم تیئۆرییە بە بێ ئەوەی بچوکترین ئامارژەیەك بە مارکس بکەن کەڵکی لێ وەر دەگرن . کاتێك کە مووحافیزەکارەکان دەلێن کە" دەولتی ریفاه " مەحکوم بە شکستە چوونکە دەست و پێی سەرمایە گووزاری خسووسی دەگرێت ، یان دەلێن یەکێتی سۆڤیەت هەڵوەشا لە بەر ئەوە بوو لێهاتوویی سەرمایەداری ڕۆژئاوایی نەبوو، لە راستی دا لەم ئیستیدلالەی مارکس کەڵك وەر دەگرن کە دەلێ : ئابووری ، هێزی وەگەرخەری هەلدانی ئینسانە . لە راستیدا هەروەك سێرجان هیکس ( sir john hicks ) ئابووری زانی بریتانیای براوەی خەڵاتی نۆبلی سالی 1969 بە دلنیاییەوە دەلێ ، کە دەگەینە تیئۆری مێژوو هێشتا هەموو ئەو بوارە لە سەیتەرەی مارکس دایە .
پرۆفیسور هیکس دەنووسێ :" ئەمە شتێکی چاوەروان نەکراوە کە بە تێپەر بوونی سەدو پەنجا

سال به سەر نووسینی " کاپیتال " دا ، ئەوەی کە بە بیروکەکانی ئەو زیاد کراوە شتێکی یەکجار زۆر بێ بایەخە ...مارکس تەنیا یەك تەقلیل گەرای کالْ و کرچ نەبوو بەلام باوەری وابوو ئەوەی کە لە کۆتایی دا شکلْ پێدەری بیروباوەرەکان و شێوازی هەلسوکەوتی ئینسانەکان بە مەسەلەکانە هەمان رێگاو شێوەی رێکخستنی بەرهەم هێنانی کۆمەلگایە . بۆ وێنە ئەوە نیزامی سەرمایەدارییە کە ئینسانەکان وا لێدەکات تەسلیمی تەماح وچاوچنۆکییە پەست و بێ ئەرزشەکان بن ." پرۆفیسور هیکس دواتر بۆ تەئکید کردن لەسەر ئەم بۆچوونەی خۆی ، ئەو رەستەیەی خوارەوە لە دەست نووسەکانی ئابووری _سیاسی سالی 1844 ی مارکس دەگێرێتەوە :" پارە ، بایەخی گشتگیرو خۆی ماکەی هەموو شتێکە و هەر لەم رووەوە ئەرزشی واقیعی و لەمێژینەی سەرتاسەری جیهان ، چ جیهانی ئینسانی و چ جیهانی سروشتی بە تالان دەبا ... پارە ، جەوهەری لەخۆ دوور کەوتنەوەی کاری ئینسان و هەستی ئینسانە . ئەم جەوهەری لە خۆ دوور کەوتنە بە سەر ئەو دا زالْ دەبێت و دەی پەرستێت ."

شێوازی دەربرینی مارکس رەنگە هەندێك توند و تیژ بێت ، بەلام ئایا راست نییە ؟ سەردانی دووکانەکانی فرۆشتنی گۆڤارەکان بکەن و بە چاوی خۆتان ببینن کە لێواولێوە لە رەستەگەلێك بەو سەردێرانەی خوارەوە : پوولْ ، پوولْی تەماح کار ، سەروەت ، نرخ . زۆر زەحمەتە تەلەویزیۆن هەل بکەیت بەبێ ئەوەی پەندێك لەسەرداهات نەبیستی و یان سەبارەت بە لێهاتوویی وقارەمانەتیەکانی کەسانی وەك جۆرج سوروس ، واون بافیت و بیل گیت شتێك نەبیسین و بەر چاومان نەکەوێت . لە ناو چوونی فەرهەنگی خەلك بە هۆی ئەنگیزەی پوولْ پەرەستن کە باشترین نمونەی بەرهەمەکانی هالیوودە سەدو پەنجا سال لەمەوبەر لە لایەن مارکس وە پێشبینی کراوە . مارکس لە کتیبی گرۆند ریسە بەلْگە دێنێتەوە کە هوونەری بەرهەم هاتوو لە کۆمەلگایەکدا ، رەنگدانەوەی هەلومەرجی ماددی ئەو سەردەمە مێژووییە . هۆمر و پرژیل رەنگدانەوەی ڕوانگەیەکی ئوستوورەیی و بیرکردنەوەیەکی ساوێلکانە لە سرووشت بوون کە لە سەردەمی چاخ ، ماشێن ، رێگای ئاسن و تێلگراف دا نەدەتوانرا بخرێنە سەر شاشە ." ( هەمان سەرچاوە )

جان کسیدی دواتر دێتە سەر ناوەرۆکی مانیفێست و دەنووسێ :

پێشبینیەکانی پێشتر وەدی هاتووی ئەم کتێبە کە سەبارەت بە لەناوچوونی نزیکی سەرمایەدارییە، دەسکەوتەکانی فیکری پڕبایەختری ئەم کتێبە ، واتە شێوازی کارکردنی نیزامی سەرمایەداری دەشارێتەوە ."

ئاشکرایە کە نووسەر لە ئاگاداربوونی مارکس و ئینگلْس لە پێشتر وەدی هاتووبوونی ئەم پێشبینیە ی ئەوان لە سالی 1872 و ددان نانی سەرلەنوێی ئینگلْس لە سالی 1891 هەر سەبارەت بەم مەسەلەیە بێئاگایە . ئەو درێژەی پێدەدا : " بە جیهانی بوونی سەرمایە لەو ئاوازانەیە کە لەم سالانە ی کۆتایی سەدە وێردی سەر زمانی هەموو کەسێکە : لە جیانگ زەمینەوە بگرە تادەگاتە تۆنی بلێر:

له كاتێكدا ماركس ئاكامەكانی ئەم دیاردەیەی سەدوپەنجا سال لەمەوبەر پێشبینی كردبوو . ماركس له مانیفێست دا دەنووسیٚ : نائارامی بیٚ وچانی هەموو هەلو مەرجێكی كۆمەلایەتی ، بیٚ سووباتی و دڵەراوكێی هەمیشەیی ، سەردەمی بۆرژوازی له هەموو سەردەمەكانی تر جیا دەكاتەوە .هەموو شتێكی راوەستاو دەتویێتەوە و دەبێتە تەپو تۆز . هەموو شتێكی پیرۆز دەبێتە گڵاو و پیس و سەرئەنجام ئینسان ناچار دەكریٚ بە وشیاری تەواووە هەلو مەرجی واقیعی ژیان و هەلسوكەوتی خۆی له گەلٚ هاونەوعەكەی دا قەبوول بكات ." رەخنەگرانی ئێستای بە جیهانی بوونی سەرمایە ، زمانێكی وشكتر له زمانی ماركس بە كار دێنن ، بەلام پەیامی ئەوان هەر پەیامەكەی ماركسە . زمانێك كە دانی روودریك ( dani rodrik ) بە كاری دێنێت هەمان پەیامی ماركسی پێیە بەلام ناوبردنی ماركس بۆ ئوستادێكی زانكۆی دەرەجە ئەوەلی ئامریكا بۆ داهاتووی پیشەی ئەو قازانجی نابێت ." ( هەمان سەرچاوە )

جان كسیدی له درێژەی بابەتەكەی خۆی دا كتێبی كاپیتال له گەل یەكێك له دواپین نووسراوە ئابووریەكان كە له نووسینی یەكێك له ئوستادانی زانكۆی هاروارده بەناوی گریگوری منكیو (G . mankiw ) هەڵدەسەنگێنێت و دەنووسیٚ :" له هەشت سەد لاپەرەی ئەو كتێبە دا ناوی ماركس تەنیا یەكجار ئەویش بە لەحنێكی سووك باس دەكریٚ . منكیر بە گێرانەوە له زمان یەكێك له ئابووری زانانی سەرەتای ئەم سەدەیە ، ئالفرد مارشال ، ئابووری ئاوا تاریف دەكا : " ئابووری ، خوێندنەوەی ئینسان ، هاوكات لەگەل بەرێوەبردنی كارەكانی ئاسایی و رۆژانەیە ."

وەها خوێندنەوەیەك وەلامدەرەوەی كارگەلێكی لەم چەشنە دەبێت كە :" وەدەست كەوتنی ئاپارتوومان له شاری نیۆیۆرك بۆچی ئەوەندە زەحمەتە ؟ " یان " بۆچی بلیتی دووسەرەی فرۆكە ئەگەر مووسافیر ، كۆتایی حەوتوو لەو شوێنە بێت كە بۆی دەچێت هەرزانتر له بلیتی یەكسەرەیە " یان " بۆچی بە جیم كری بۆ نواندن له فیلمێكدا ئەو برە پووله زۆرەی دەدرێتیٚ ؟ " ئەو دواتر درێژەی پیٚ دەدا : " ماركس وەها شتگەلێكی لەبەر چاو دوور نەدەخستەوە بەلام بروای وابوو كە ئەركی عیلمی ئابووری ، تەوزیع و هەلسەنگاندنی گردش چەرخی كۆمەڵگا بە شێوەیەكی درێژماوەیە له كاتێكدا مسائیلێكی لەم چەشنە رۆڵێكی پله دوویان هەیە . "

نووسەر له درێژە دا دەنووسیٚ : " یەكێك له دەرسە گرینگەكانی ماركس ئەوەیە رەوتی سەرمایە بەرەو لای پاوانخوازی دەروات – دیاردەیەك كە له سەردەمی ماركس دا زۆر ناڕوونتر بوو له چاو ئەمڕۆ– كە دەبێتە هۆی هاتنەدی یاساورێسایەكی تەنزیمی دژوار . ئەم مەسەلەیە دواتر بە ئیسلاحاتی تئۆدور روزولت و فرانكلین روزولت سەلمێندرا . بەلام لەوە گرینگتر ئەوەیە كە له دەیەی رابردوودا شاهیدی تێكەل بوونی شەپۆلێكی گەورەی شیركەتەكان له بەشە جۆراوجۆرەكان دا بووین كە له دەزگاكانی پەیوەندی گشتی یەوە بگرە تا پزیشكی و داروسازی و ئەسلەحە سازی و بانكەكانی سەرمایەگووزاری له خۆ دەگرێت . " ( هەمان سەرچاوە لاپەرەی 252 )

نووسەر پاش ددان نان بەوەی کە تێگەیشتنی مارکس سەبارەت ب ئەنگیزەی سەرەکی سەرمایەدار – ئەنگیزەی سوود – دروستتر و زانستیانە ترە لە ئەنگیزەکانی باس کراو لە لایەن ئابووری زانانی نیئۆلیبرال ، دەنووسیٚ : " ئەم روانگەیە سەبارەت بە گەشەی ئابووری بە شوێن مارکس دا لەلایەن ئابووری زانان بە فرامۆشی سپێردرا بەلام لە دەیەی 1940 لە لایەن شومپیتر دووبارە زیندوو کرایەوە .

تاریف و تێگەیشتنی مارکس هاوئاهەنگ و سازگارە لە گەل روانگەی زۆرێك لە سەرمایەدارانی ئەمرۆ ! سەرمایەدارانێك کە پێیان باشترە کە زەربەکانی قامچی تەحەممول بکەن بەلام تانەو تەشەری مارکسیستی یان لیٚ نەدرێت . بۆ وێنە لە سالەکانی دەیەی 1980 جك ولش
( Jack welch ) رەئیسی بێرووحم بەلام جێگای رێزی جنرال ئەلکتریك کە ئەم شەریکەیەی بە داخستنی دەیان شووعبەی بەرهەم هێنان و دەر کردنی دەیان هەزار کرێکار و کارمەند ژێروژوور کرد . ئەو هۆکارانەی کە سەبارەت بەو کارەی خۆی باسیان دەکا بۆ گوێی هەموو کەسێك کە زانیاری و ئاشنایەتی لە مارکس هەیە نامۆ نییە . ئەو لە یەکێك لە کۆبوونەوەکانی سەهامدارانی سەرەکی ئەم داگیرکارییە دێو ئاسایە لە سالی 1989 دا دەلیٚ : " ئەو رووداوانەی کە بە توونددییەکی لە رادەبەدەر هێرش دەکەنە سەر ئێمە وەهایە کە سالە پڕ رووداوەکانی دەیەی 1980 هەر وەك سەیرانی کەنار دەریا لیٚ دەکا . ئەوەی کە لە بەردەممانە رووبەروو بوونەوەکانی لە چەشنی داروینە ، ململانێی مانەوە لە هەر یەك لە بازارە گەورەکانی دوونیا ،ئەو روبەرووبوونەوانەی کە بە کۆمپانیاکانی ولاتانی دۆراو بچوکترین ڕووحمێك ناکات . " ( هەمان سەرچاوە )

جان کسیدی لە درێژە دا دەنووسیٚ : لە سەدەیەك دوای مارکس دەولەتانی ولاتەپیشەسازیەکان بە مەبەستی باشتر کردنی گوزەران وژیانی کرێکاران دەستیان دایە هەندێك چاکسازی : یاساو رێسای کار ، یاسای لانی کەمی حەقدەست ، خزمەتگووزاریە کۆمەلایەتیەکان ، خانووبەری هەرزان ، سیستمی تەندروستی گشتی ورایگان ، مالیات بۆ میرات ، مالیاتی رووله زیاد بوون بۆ داهات وهی تر . ئەم کردەوە سارێژ کەرانە ، لە سەردەمی مارکس دا دەتوانرا وەك سۆسیالیزم بناسرێن . واقعییەت ئەوەیە کە زۆرێك لەم کردەوانە لە مانیفێست دا باسیان لیٚ کراوە و روون نییە سەرمایەداری بە بیٚ ئەم کردەوانە چون دەیتوانی بە ساغی گیان دەرباز بکات . تەنیا لەم 20 سالەی دوایی دایە کە بە ناوی " لێهاتوویی ئابووری " هێرشێکی تەواو عەیار بۆ سەر سۆسیال دێمۆکراسی دەستی پێکردووە . ئەم هێرشە سیاسیە راسترەوانە بووتە هۆی زیاد بوونی بیٚ وێنەی نایەکسانی و نابرابری کە لە لایەن مارکسەوە پێشبینی کرابوو ... ئەم ئالوگۆرانە پیشاندەری سەروخواربوونەوەی بیٚ وێنەی سەروەت و سامانی هەژاران بۆ سەرمایەدارانە ...

**مارکس پێی وابوو کە کەلێنی سەرەکی لە کۆمەلگادا لە نێوان ئەوانە دایە کە خاوەنی کەرەسەی بەرهەم هێنانن بە واتەی کارخانەکان ، ماشین ئالات و ئامراز و کەرەسەی بەرهەم هێنانی کالاکان لە لایەك ( بۆرژوازی ) وە توودەی خەلکانێك کە تەنیا سەروەتێك کە هەیانە هێزی کاریانە (پرۆلتاریا) .**

**ئەم دابەش کردنە رەنگە تۆزێك لە راستی دوور بێت ئەویش لە بەر ئەوەی کە کەسانێك کە خاوەن ئیش و کاری خۆیانن لەبەر چاو ناگرێت بەلام گوومانی تێدا نییە کە گەورەترین براوەکان لە دەیەی رابڕدوودا ئەوانەن کە کەرەسەی بەرهەم هێنان لە ژێر رکێفی ئەوان دایە واتە سەهامدارانی سەرەکی شیرکەتەکان و بەرێوەبەرانی ردە بالای ئەوان . لە سالی 1978 داهاتی بەرێوەبەری ( C . E . O ) شیرکەتێکی گەورە 62 قاتی داهاتی کرێکارێك بوو . لە سالی 1995 داهاتی هەمان بەرێوەبەری ئەو شیرکەتە گەیشتە 170 قاتی داهاتی کرێکارێك . خاوەنانی سەرەکی سەهام هەر بەو شێوەیە سەروەتێکی یەکجار زۆریان بۆ خۆیان تەرخان کردووە . و بەم هۆیە نایەکسانی و بیّ عەدالەتی بە توونديى زیادی کردووە .**

**بە پێی لێکدانەوەی ئەدوارد وولف ( E . wolff ) ئوستادی ئابووری زانکۆی نیۆیۆرك ، پەنجا لە سەدی داراییە مالیەکان لە ولاتی ئامریکا لە چەنگ یەك لە سەدی دەولەمەندترین کەسەکانی ئەو وەلاتەیە و سیّ لە چواری هەمووی ئەو سەروەتە هی دە لە سەدی سەرەوەی کۆمەلگایە .**

**بە پێی هەلسەنگاندنی هەیئات موودیرەی بانکی ناوەندی ئامریکا شەست لە سەدی خەلکی ئامریکا هیچ جۆرە سەهامێکیان لە شیرکەتەکان دا ( چ راستەوخۆ و چ ناراستەوخۆ لە رێگەی سندووقی خانەنشینی وهی تر ) نییە . زۆربەی ئەو خانەوادانەی سەهامێکیان هەیە تێکرای ئەرزشی ئەو سەهامە لە دوو هەزار دولار کەمترە . ئەم ئامارە نیشان دەدا کە لە یەکێك لە باس هەلخرێنترین بۆچوونەکانی مارکس واتە تیئۆری " هەژارتر بوونی هەژارەکان " لە حالی گەرانەوە دایە . مارکس بە پێچەوانەی بۆچوونی زۆرێك لە رەخنەگرانی – کە روانگەی مارکس چەواشە دەکەن – پێی وانەبوو کە لە نیزامی سەرمایە حەقدەستی کرێکاران هیچ کات زیاد ناکات . بەلام ئەو لە سەر ئەو بڕوایە بوو کە سوودی سەرمایەداران بە سوورعەتێکی توندتر لە حەقدەستی کرێکاران زیاد دەکات. وە لە نەتیجە دا کرێکاران لە چاو سەرمایەداران هەژارتر دەبن . وە ئەوە رێك ئەو شتەیە کە دوو دەیەی رابردوودا رووی دا. حەقدەستی مام ناوەندی کرێکارێك بە لە بەر چاو گرتنی رادەی ئاوسان هێشتا لە ئاست سالی 1973 لە خوارووەترە لە کاتێکدا قازانجی سەرمایەداران هەر لەم ماوەیەدا سەری لە ئاسمان داوە "(هەمان سەرچاوە3-252)**

**جان کسیدی لە کۆتایی بابەتەکەی باس لە پێکهاتەی دەسەلأت لە نیزامی سەرمایەداری دەکا و بۆچوونی مارکس سەبارەت بەم مەسەلەیە ئاوا لێکدەداتەوە:"رەنگە بەهێزترین توێژینەوەی مارکس باسی ئەو سەبارەت بەم مەسلەلەیە کە لە کۆمەلگای سەرمایەداری دا دەسەلاتی راستەقینە لە کویّ قەراری گرتووە. ئەم مەسەلەیە شتێکە کە لەگەلّ هۆش و زەینی ئابووری زانان لەگەلّ مەسەلەی ماڤ**

هەلبژاردنی مەسرەف کونەنندە بە تەواوەتی خستویانەتە پەراوێزەوە.لەم دوایانە دا چەند کەسێك لە ئابووری زانان هاتوونەتەوە سەر بۆچوونی مارکس .
مارکس پێی وایە کە هەل و مەرجێك کە خەلك وا لیّ دەکات شتێك هەلبژێرن لانی کەم بە هەمان کردەوەی هەلبژاردن گرینگی هەیە . ( نمونەکەی ، کەسێکە کە دز دەمانچەی لە سەر بنا گوێی راگرتووە و دوو رێگای بۆ هەلبژاردن لە بەردەم داناوە : یان پوولەکەت دەدیتە دەستم یان گیانت لیّ دەسێنم ) .
ئابووری زانان و بیرمەندانێکی زۆر بیریان لە تەواو کردنی تیئۆری قوودرەت کردەوە . مارکس پێی وابوو دەسەلاتدارانی ولاتانی پێشکەوتوو کۆمیتەیەك بۆ بەرێوە بردنی کارە گشتیەکانی بۆرژوازین . دیتنی پەیوەندی نزیکی کۆشکی سپی لەگەل سەرمایەدارەکان و ئەو پوولە زۆرانەی کە ئەوان خەرجی شەری هەلبژاردنی سەرۆك کۆماری دەکەن ، نیشان دەدا ، کە مارکس خەتە سەرەکیەکانی چۆنیەتی کارکردنی ئەو نیزامەی بە دروستی لێکداوەتەوە . " هەمان سەرچاوە )
نووسەر ، بابەتەکەی خۆی بەم رەستەیە کۆتایی پیّ دێنێت :
" تا کاتێك نیزامی سەرمایەداری بەردەوامە ، خوێندنەوی کتێبەکانی مارکس ئەرزشی هەیە . "